# شیکردنەوەیەکی پراگماتیکی دەقە شیعری (ئەی ڕەقیب)، بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان

م.ی. چیا عەلی مستەفا - م. بڕوا ڕەسول ئەحمەد
زانکۆی ڕاپەڕین / کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت / بەشی کوردی

**پێشەکی**

ئەی ڕەقیب، وەک دەقێک، تەنها لە چوارچێوەی چەند دێرە شیعرێکدا نەماوەتەوە، کە هەڵگری کۆمەڵێک واتای ڕاستەقینە و بارکراوبێت، بەڵکو ئەم دەقە بوە بە پەیام و گوتاری نەتەوەیەک و ئاراستەی سەرجەمی دوژمن و نەیارانی نەتەوەی کورد کراوە، بەجۆرێک سەرەڕای ناکۆکی و بەش بەشی نەتەوەکە، بەڵام زۆرینەی تاکی کورد ئەم پەیامە، بە پەیام و سرودی نەتەوەیی خۆی دەزانێت. لەبەر گرنگی و شوێنگرتنی سرودی ئەی ڕەقیب و خاوەنداریکردنی لەلایەن زۆرینەی کوردەوە، کەرەستەیەکی گونجاوە، بۆ لێکۆڵینەوە.

"شیکردنەوەیەکی پراگماتیکی دەقە شیعری (ئەی ڕەقیب)، بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان"، ناونیشانی توێژینەوەیەکی پراگماتیکییە و هەوڵێکە، بۆ شیکارکردنی دەقی شیعری سرودی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب)، بەپێی تیۆەی "کردە قسەییەکان". ئەم توێژینەوەیە لەسەر هەردو بنەمای کردەی قسەکردن و کردەی ئاراستەکردنی پەیام دەوەستێت و هەوڵدەدات کاریگەری و وروژاندنەکان لەلای کەسی نێرەر و وەرگر بخاتەڕو.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی (شیکردنەوەی گوتار- Discourse Analysis) کراوەتە بنەما بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە، هاوکات بەپێی پێویستی توێژینەوەکە، سود لە ڕێبازی (شیکاری پەسەنکەرانە – Descriptive analytical)ش وەرگیراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

شیکردنەوەی پراگماتیکییانەی دەقە شیعرییەکان هەوڵێکە، بۆ پەیوەستکردنی زمان و ئەدەب و ڕەنگدانەوەیان لەسەر یەکدی و چۆنییەتی ناردنی پەیام لە بۆتەی شیعردا، لە ژێر تیشکی ئەو تێگەیشتنەی، کە شیعر، یان دەقی سەروادار، هەڵگری پەیامی نەمریی زیاترە.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە، لە پێشەکی و سێ بەش پێکهاتوە، بەم شێوەیە:

- لە بەشی یەکەمدا، زانستی پراگماتیک و گرنگی لە لێکدانەوەی دەقدا خراوەتە ڕو. لە تەوەرێکی دیکەدا چەمک و گرنگی گوتار خراوەتە بەرباس و توخمەکانی گوتار دیاریکراون، لەگەڵ بەرابەرکردنێکی دەق و گوتار.

- بەشــی دوەم، تەرخانکراوە، بۆ باسـکردنی تیۆری کردە قسـەییەکان و رۆڵیان لە لێکدانەوە و شـیکردنەوەی ئەو پەیامانەی دەکەونە چوارچیوەی گوتارەوە. هەر لەم بەشـەدا جۆری کردە قسەییەکان بەپێی هەردو پۆلێنی ئوستن و سیریل خراونەتەڕو.
- بەشی سێیەم، کارکردنە لەسەر ئەو کردە قسەییانەی کە لە نێو دێڕەکانی دەقە شیعری "ئەی ڕەقیب"دا هاتوە. وەک گوتارێکی نەتەوەیی دەخرێتە بەر تیشـکی شـیکردنەوەیەکی وردی ڕەخنەگرانە. لەم بەشەدا هەوڵدراوە تەواوی کردە قسەییەکانی نێو دێڕەکانی دەقە شیعرییەکە دیاریبکرێت و ئاراستەی کردەکان و کاریگەری گوتارەکە رونبکرێتەوە.

لە کۆتاییدا ئەنجامە بەدەسـتهاتوەکان و پوختەی توێژینەوەکە، بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم/ گوتار وەک کردەیەکی پراگماتیکی

### پراگماتیک

لە زمانەوانی نوێدا بەکارهێنانی زاراوەی پراگماتیک، سـەرەتا لەلای (چارلس مۆریس)ەوە بەکارهات. کاتێک بەشێوەیەکی گشتی لە زانستی هێماکاریدا سێ جۆر پەیوەندی لە نێوان هێماکاندا دیاریکرد، هەر جۆرەشی بە لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی ناوبرد، بەم شێوەیە:

**١/ ڕستەسازی** Syntax

بریتییە لە پەیوەندی نێوان هێمایەک لەگەڵ هێماکانی دیکە، لە چوارچێوەی ڕستەیەکدا.

**٢/ سیمانتیکس** Semantics

لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراو (شت).

**٣/ پراگماتیکس** Pragmatics

پەیوەندی نێوان هێما و بەکارهێنانەکەیەتی. (بڕوانە Levinson:1997:3)

ئەم ناساندنەی پراگماتیکس لەلایەن مۆریسەوە، ناساندنێکی سادە و سەرەتایی زانستەکە بو. لەدوای ئەوەوە و بەپێی ئەرکی پراگماتیک پێناسـەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. بۆ نمونە ناسـاندنێکی دیکەی پراگماتیک ئەوەیە، کە بریتییە لەو زانسـتەی، کە لێکۆڵینەوە لە واتای ناو دەوروبەر دەکات، واتە لێکدانەوەی ئەو مەبەسـتەیە، کە هاوبەشـانی قسـەکاران بەهۆی دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە لێیتێدەگەن.

پراگماتیک لەوەش زیاتر وردکراوەتەوە، وا پێناسـەکراوە، کە (ئەو زانسـتەیە، کە لە کردەی قسـەیی و گریمانەی پێشـینە و دەرکەوتە ئاخاوتنەکان و دەوروبەر "کات و شـوێن و دەوروبەری قسـەکردن و پلەی کۆمەڵایەتی قسـەکەر و گوێگر و زانیـاری هـاوبەش و زانیـاری دنیاییـان لێکدەداتەوە)(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١٩١). ئەم پێناسـەیە بە وردی بوارەکانی پراگماتیک دیاریدەکات. ئەم توێژینەوەیە زیاتر لەسـەر بواری کردە قسـەییەکان دەوەسـتێ وەک تیۆرێک بۆ شیکردنەوەی واتای زمانی سەرو ڕستە، کە لە بەشی دوەمدا بە درێژی باسکراوە.

**گوتار:**

چەمکی گوتار بەهۆی ئەوەی لە زۆر بواری وەکو زمانەوانی، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، مرۆڤناسی و زانستی رامیاری و ...تاد بەکاردیت، گەلێک پێناسەی بۆکراوە و واتای زیادەی لێبارکراوە.
هاریس بۆ یەکەم جار باس و پێناسەی گوتاری کردوە و دەڵێت: گوتار یەکەیەکی زامنی گەورەیە، یان کۆمەڵە رستەیەکی زنجیرەییە. (محمود عوکاشە: ٢٠٠٥ : ٣٦)
شیفرۆن دەڵێت: گوتار روانگەیەکی زمانەوانییە، بۆ پراکتیزەکردنی پرۆسەیەک، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێک.
لوتفولا دەڵێت: گوتار قالبێکە، بۆ گەیاندنی پەیام لە نێوان قسەکەر و گوێگر، یان نوسەر و خوێنەر. (شێرکۆ حەمەئەمین: ٢٠٠٩: ٣٢).

لە فەرهەنی زمانەوانیدا گوتار وا پێناسەکراوە، کە بریتییە لە یەکەیەکی هاوتای رستە یان سەروتری رستە، کە بەیەکەوە بەستراوە و پێکهێنەری پەیامێکە لە سەرەتاوە تاکۆتایی. (محمود عوکاشە: ٢٠٠٥: ٣٨) ئەم پێناسەیە نزیکە لە پێناسەکەی هاریسەوە.

بە وەرگرتنی تێگەیشتنێکی گشتگیر، لە سەرجەمی ئەم پێناسانەی سەرەوە، گوتار دەبێتە ئەو دانە زمانییەی، کە دەکەوێتە سەروی رستەوە و کاری دروستکردنی پەیوەندییەکی واتادارە لە نێوان رستەکاندا، بە ئامانجی گەیاندنی پەیام، لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر، یان لە نوسەرەوە بۆ خوێنەر. کەواتە ئەرکی سەرەکی گوتار گەیاندنی پەیامە. لەم کردەی گەیاندنەشدا تەنها هۆکارە زمانییەکان بەس نین، بەڵکو گەلێک هۆکاری تری نازمانی کاردەکەنە سەر چۆنییەتی گەیاندنی پەیامەکان، وەک "دەوروبەر و ئاماژەکان".

**توخمەکانی گوتار:**

بەر لە باسکردنی توخمەکانی گوتار، پێویستە لە گرنگی کردەی گەیاندن بدوێین، بەتایبەتی لە گەیاندنی پەیامدا. (رۆبرت باراک پێیوایە گەیاندن کردەیەکی دەرونی و کۆمەڵایەتییە، کە لە چوارچێوەیدا تاک توانای درکپێکردنی بۆچون و ئاراستەکانی بەرامبەری هەیە، تا ئاستێکی دیاریکراو) (هەمان سەرچاوە: ٢١). واتە مرۆڤ (نێرەر) لە کردەی گەیاندندا مەبەستییەتی، لە بۆچون و بیرکردنەوە و ئاراستەکانی وەرگر تێبگات. بۆ ئەوەی کردەی تێگەیشتن لە ئاستێکی بەرزدابێت، پێویستە لانی کەم دو کەناڵ (نێرەر و وەرگر) هەبێت. جگە لەم دوانەش هۆکاری دیکە کاردەکەنە سەر مەبەستی پەیامی ئاراستەکراو، بەتایبەتی ئەگەر پەیامەکان لە شێوەی گوتاردابن. لێرەوە پێویستە توخمەکانی دیکەی گوتاریش بخرێنەرو:

**یەکەم/ نێرەر-** Sender:

بریتیە لە (ئاخێوەر – نوسەر) خاڵی دەستپێکردنی پەیوەندیە، کۆدی زمانی دەنێرێت، کە هەڵگری واتان. نێرەر کەسایەتی و ئایدۆلۆجیا و مەبەست و روئیا و بیروبۆچونی خۆی باردەکات لە کۆدە زمانییەکان و دەگات بە وەرگر. لەکردەی پەیوەندیکردندا نێرەر هەوڵدەدات کاریگەری بخاتە سەر عەقلی وەرگر. بەمەبەستی گفوگۆکردن و رازیکردن.

**دووەم/ پەیام** - Message- text:

پەیام یان تێکست چەقی گوتارە، چونکە پەیام دەسکەوتێکی زمانییە، بەڵام زمان خاوەن توانایە (حسین خمري: ٢٠٠٧: ٦٢) لێرە پەیوەندی نێوان زمان و تێکستمان بۆ دەردەکەوێت کە تێکست

بەرهەمێکی زمانییە یاساو دەستوری تایبەتی خۆی هەیە لە کۆمەڵێک کۆد پێکدێت پرۆژەیەکی گەورەتر دروستدەکەن، کە دەق دەگرێتەوە. نێرەر ئایدۆلۆجیاو مەبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ... تاد خۆی لەرێگەی تێکستەوە دەگەیەنێت بە وەرگر. ئەرکی زمان لەکردەی پەیوەندیکردندا بریتییە لە گەیاندنی پەیام بەوەرگر بەڵام لەهەندێک بۆنەدا بێجگە لە ئەرکی گەیاندن ئەرکی ئەدەبی و شیعریش دەبینێت.

**سێیەم/ وەرگر** - Receiver:

ڕەگەزێکی ترە لە کردەی پەیوەندیکردن. گوتار بۆ ئەو نوسراوە و ئاراستەی ئەو دەکرێت، لێکدانەوە و شیکردنەوەی کۆدە زمانییەکان لای ئەوە بۆ ئەوەی بگات بە واتا. هەندێک جار بۆ لێکدانەوەی وشەکان پەیوەندی نێوان (دال و مەدلول)، لەئاستی سیمانیکەوە بڕوات بۆ ئاستی پراگماتیک کردەی گەیاندن ئەنجامی نابێت ئەگەر وەرگر نەگات بە واتا و مەبەستی نێرەر. هەندێک جار نێرەر ڕەچاوی لایەنی (پەیوەندی و پایەی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، جیاوازی ڕۆشنبیری، تەمەن، ... تاد)ی وەرگر دەکات . لێرەدا ئەرکی کردەی گەیاندن بریتیە لەرازیکردنی وەرگر. لە هەندێک جۆری گوتاری وەک گوتاری سیاسیدا بەشێوەیەکی گشتی وەرگر کۆیە، لێرەدا ئەرکی کردەی رازیکردن قورس و ئاڵوز دەبێت بەتایبەت ئەگەر وەرگرەکان خاوەنی ئایدۆلۆجیای جیاوازبن.

**چوارەم/ کەناڵ** - Channel:

لەرۆژگاری ئەمرۆدا کەناڵەکانی پەیوەندیکردن و گە یاندن زۆرن ، بەڵام جیاوازن لەگەڵ یەکتر بۆنمونە پەیوەندیکردن لە ڕێگای شانۆی (پانتۆم)* جیاوازە لە پەیوەندیکرنی ڕاستەوخۆ. ئەرکی (کەناڵ) لەکردەی پەیوەندیکردن تەنیا گواستنەوەی پەیامی نێرەرە بۆ وەرگر، واتە ناوەندێکە بۆ گواستنەوەی پەیام. لەم ڕۆدا (تەلەفیزیۆن، ماڵپەرە کۆمەڵایەتییەکان) دو ناوەندی چالاکی گواستنەوەی پەیامن.

**پێنجەم/ کۆد** – Code

لە زانستی زماندا کۆد بریتییە لە (ژمارەیەک کەرستە دەتوانرێت لێکبدرێن بۆ بەرهەمهێنانی کەرستەی نوێ و ئاڵۆزتر، لەپاڵ یەکتر ڕیزدەکرێن بۆ ئەوەی فرەێز و ڕستە و دانەی تریان لێبێتە بەرهەم ) ( محمد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٦٣) کۆد هەڵگری بیرو مەبەست و ئایدۆلۆجیای (نێرەر – وەرگر)ە. هەردو ڕەگەزەکە بۆچونی خۆیان لە کۆدە زمانییەکان باردەکەن، بۆ ئەوەی بەیەکتری بگەیەنن. بۆیە پێویستە کۆدە زمانییەکان واتاداربن و ڕاستەوخۆ گوزارشت لە بیرەکە بکەن. پێویستە بیرەکانیش یەک بەدوای یەک بێن و تەواوکەری یەکتربن، بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕون لەلای (نێرەر – وەرگر) دروست بێت. لەکردەی پەیوەندیکردندا کۆد هەڵگری بیرو بۆچونی هەردوو ڕەگەزەکەیە ( نێرەر – وەرگر ).

**شەشەم/ دەوروبەر** – Context:

شیکردنەوەی گوتار پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دەوروبەرەوە هەیە، نێرەر لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی دەوروبەر گوتار دادەڕێژێت. نێرەر بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر هەوڵدەدات دەوروبەرێک

* شانۆگەری بێدەنگ، تەنها بە جوڵە.

دروستبکات، که بگونجێ لەگەڵ مەبەستەکەی و وا لە وەرگر بکات کە پێیرازیبێت یان بگونجێ لەگەڵی، "لە هەندێک باردا کردەی هەڵخەڵەتاندنیش دێتە ئاراوە". لەڕوی زمانییەوە دەوروبەر هەمو ئەو کردە زمانی و نازمانییە دەگرێتەوە کە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا رۆڵیان دەبێت. شیکردنەوەی دەقی گوتار پەیوەندی بە واتای دەروبەرەوە هەیە.

**دەق و دەقی ئەدەبی**

دەق یان تێکست بەو گوتنە دەوترێت کە کۆکراوەی چەند مەبەستێکە، بۆ وەسف و باسکردنی دیاردەیەکی تایبەت، کە زۆرجار درێژبڕی یان کورتبڕی تێدەکەوێت.

دەق درێژەی تۆماری زمانییە، بە مەبەستی شیکردنەوە یان وەسفکردنی دیاردەیەک، کەسێک یان شتێک (Crystal: 2003: 461). بە بۆچونی "کوێرک"، دەق بریتییە لە بەدوایەکداهاتنێکی رستەیی، کە پەیوەندییەکی گرنگ کۆیانبکاتەوە. (بێگومان ئەو پەیوەندییەش پەیوەندییە تێکستییەکانە، کە لەسەروی یاساکانی رێزمانەوەن، چونکە رێزمان لە رستەدا دەوەستێ). (دیار عەلی کەمال: ٢٠٠٩: ٦) ئەم پێناسەیە یەکانگیرکردنی چەند رستەیەک، کە وابەستە و پەیوەندیدارن بەیەکەوە، بۆ گەیاندنی پەیامێک، بە دەق دادەنێت.

ئەگەرچی بۆچونێک هەیە جیاوازی دەکات، لە نێوان دەق و گوتاردا و بە کۆمەڵێک پاساو و تایبەتێتی گوتار و دەق لێکدی جیادەکاتەوە. ئەم توێژینەوەیە بە پێویستی نازانێت ئەم بۆچونە یەکلایی بکاتەوە و پێشی وایە لەسەر بنەمای بونی پەیام لە هەردوکیان (گوتار- دەق)دا هەردو زاراوەکە دەبن بە هاوواتای یەکدی. واتە کاری هەردوکیان گەیاندنی پەیامە، لە نێرەرەوە بۆ وەرگر. کەواتە (دەق و گوتار لەم تێگەیشتنەوە، هەمان ئاماژەکردنە بە هاریکاریکردن، بۆ کردەی گەیاندن لە نێوان مرۆڤەکاندا). (حسين خمرى: ٢٠٠٧: ٣٥)

**بەشی دوەم/ تیۆری کردە قسەییەکان**

**سەرەتا**

بۆچونی دێرینەکان لەبارەی قسەکردنەوە، بەجۆرێک بو، کە قسەکردنیان وەک کار ئەنجامدان نەدەبینی، (بەڵکو قسەکردن و کار ئەنجامدان وەک دو دیاردەی لێک جیاواز دادەنران. تەنانەت ئەم دو دیاردەیە بە دو شتی دژ بەیەک لەقەڵەم دەدران، وەک لە رستەی "بە قسەم بکە، بە کردەوەم مەکە"دا مەبەستەکە روندەبێتەوە). (قەیس کاکل: ١٩٩٥: ٣٨) دێرینەکان هەر بەوەشەوە نەوەستاون، بەڵکو پێیانوابوە ئەرکی زمان بریتییە لە وەسفکردنی "بارودۆخێک، کەسێک، روداوێک، ... تاد"، کە ئەمە لە ئێستادا (بە هەڵەی وەسفی واتایی "Semantic Fallacy" ناودەبرێت. باوەڕێک نییە کە تەواو هەڵە بێت، چونکە هەمو گوتنێک وەسفی بارودۆخی تێدایە، بەڵام ئەم وەسفە لە خۆیدا هەمو شتێک نییە).(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ٢٠٧)

لەگەڵ سەرهەڵدانی زانستی پراگماتیک و تیۆری کردە قسەییەکان، ئەم بۆچونەی دێرینەکان ئاوەژوکرایەوە. لە شەستەکانی سەدەی بیست و یەکدا فەیلەسوفی بەریتانی "ج. ل. ئۆستن – J L Austin" قسەکردنی بە ئەنجامدانی کارێک دانا. ئەگەرچی لەسەرەتاوە ئوستن دەیوەیست تیۆرەکەی لەسەر هەندێک جۆری رستە تاقیبکاتەوە، کە لە گەڵیدا کار ئەنجامدانیشی تێدایە، بۆ نمونە:

**ئەوا من ڕۆیشتم.**

لەم ڕستەیەدا لەگەڵ دركاندنیدا كاری "ڕۆیشتن"یش ئەنجامدەدرێت. بەڵام دواتر بۆ تەواوی قسەكردن هەمان تیۆری جێبەجێكرا. لە ژێر كاریگەری تیۆری كردە قسەییەكان واتای ڕستە بریتی نابێت لە واتای وشەیی و سیمانتیكی، بەڵكو كردەیەكە لە ڕێگەیەوە كارێك ئەنجامدەدرێت، یان مەبەستیك دیاریدەكرێت، كە لە هەمو بارەكاندا پەیوەستە بە (دەوروبەر – Context)ەوە. (واتای سینتاكسی ڕستە گرنگی نادات بە مەبەستی قسەكەر، بەڵكو مەبەستی قسەكەر لە دەوروبەر(سیاق)دا دەردەكەوێت). (جرهارد هلبش: ٢٠٠٧: ٢٠٧) بۆ نمونە:

**بایەكی بەهێزی دێت**

واتای سینتاكسی ڕستەكە، بریتییە لە ڕستەیەكی هەواڵگەیاندن، بەڵام كاتێك ڕستەكە بە دەوروبەر دەبەسترێتەوە، لەوانەیە مەبەستی قسەكەر (ئاگاداركردنەوە، هەرەشەكردن، دڵنیاكردنەوە، ... تاد) بێت.

**پوختەی تیۆرەكە**

لەكاتێكدا لێكدانەوە بۆ هەر گوتنێك بكرێت پێویستە لە دو ڕوەوە لێكدانەوەی واتایی بۆ بكرێت. ڕویەكی ئاشكرا و ڕونی گوتنەكە، كە خۆی لە واتای سینتاكسی و سیمانتیكی ڕستەكەدا دەبینێتەوە و ڕوی دوەم بریتییە لە واتای شاراوەی مەبەستی قسەكەر، كە پەیوەستە بە دەوروبەرەوە. كردەی قسەیی بریتییە لە گەیاندنی پەیام بە گوێگر، جا لەبەر ئەوە هێزی گوتن بۆ گەیاندنی پەیامی سەركەوتو پێویستە. ئەم هێزەش بە زمان دەردەبڕدرێت و پێویستی بە ئامرازەكانی كردەی قسەیی هەیە.هێزی گوتن، بە دو ڕێگا دەگەیەنرێت بە گوێگر:

**١/ هێزی ئاوازە و بۆتەی ڕێزمانی:**

**هێرشەكە ڕابگرن.** ← ئاوازەی ڕستە

ئەم ڕستەیە بەهۆی ئاوازەوە، كاریگەری ئەنجامدانی كارەكە دیاریدەكات.

**پێم باشە هێرشەكە ڕابگرن.** ← بۆتەی ڕێزمانی

هێزی ئەم گوتنەش لە بۆتە ڕێزمانییەكەیدا دەردەكەوێت.


لە هەردو باری سەرەوەدا لێڵییەك لە گوتنەكەدا دەردەكەوێت، بە جۆرێك كە مەرج نییە مەبەستی قسەكەر لە ئەنجامدانی كارەكە، هەمان مەبەست بێت لەلای گوێگر، واتە ئەم كارە مەرج نییە جێبەجێبكرێت.

**٢/ هێزی كاری ڕاپەڕاندن:**

**من فەرمانتان پێدەدەم كە هێرشەكە ڕابگرن.**

هێزی گوتنەكە، لە كاری ڕاپەڕاندنەكە (فەرمانتان پێدەدەم)دایە، كە هیچ لێڵییەك لە ئەنجامدانی كاری ڕستەكادا ناهێڵێتەوە.

ئوستن بۆ پەیامی سەركەوتو، كاری ڕاپەڕاندن، بە پێویست دەزانێ، چونكە هیچ جۆرە لێڵییەك لە گوتنەكەدا ناهێڵێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، كارەكان بۆ دو جۆری (ڕاپەڕاندن و ناڕاپەڕاندن) دابەشدەكات، كاری ڕاپەڕاندنیش دەكات بە دو جۆر (ئاشكرا و شاراوە).




بۆ زانیاری زیاتر، لە بارەی ئەم دابەشبونەوە، بڕوانە (قەیس کاکل: ١٩٩٥: ٤٨)

**جۆرەکانی کردە قسەییەکان** The Types of The Speech Acts

یەکێک لە گرفتەکانی تیۆری کردە قسەییەکان، بریتییە لە جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی جۆری کردەکان. هەر کردەیەکی قسەیی بە مەبەستێک بەکاردێت. کردەکان پەیوەست نین بە توانستی ڕستەیی، بەڵکو پەیوەستن بە توانای گەیاندنەوە. ئەمە وایکردوە، کە پۆلێنی جیاواز بۆ کردەکان بکرێت. بەگشتی کردە قسەییەکان بۆ دو جۆری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دابەشدەبن، وەک لە خوارەوە ڕونکراوەتەوە:

**یەکەم/ کردە قسەییە ڕاستەوخۆکان:**

دو جۆر پۆلێنی باو هەیە، کە بە پۆلێنی (ئوستن و سێریل) ناسراوە. بە کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ دادەنرێن، چونکە ڕاستەوخۆ کاری ڕاپەڕاندنی ئاشکرایان تێدایە.

**پۆلێنی ئوستن، بۆ کردە قسەییەکان:**

یەکەم سەرهەڵدانی تیۆری کردە قسەییەکان، بۆ وانە (محازەرە)کانی ئوستن دەگەڕێتەوە، ڕونیکردۆتەوە (چۆن کردەکان لە ڕێگای گوتنەکانەوە ئەنجامدەدرێن) (جرهارد هلبش: ٢٠٠٧: ٢٧١). ئوستن کردەکانی قسەکردنی لەسەر بنەمای ڕۆڵە بەدەستهاتوەکان دابەشی سەر پێنج جۆر کرد.

**١. کردەی بڕیارەکان** Verdictives

ئەو جۆرە کردانە دەگرێتەوە، کە گوزارشت لەو بڕیارانە دەکەن، کە لەلایەن (سوێندخۆر، دادوەر، ناوبژیوان، ...تاد)ەو دەدرێن. بەڵام مەرج نییە بڕیاری کۆتایی بن، بەڵکو ڕێژەیی و گریمانەییە، وەکو کردەکانی (هەڵسەنگاندن، نرخاندن، بیرکردنەوە، ... تاد).

**٢. کردەی بڕیاردان** Executives

ئەو کردانەن، کە گوزارشت لە بڕیاردان لە بەرژەوەندی کەسێک، یان شتێک دەکەن، یان بە پێچەوانەوە، بۆ نمونە کردەکانی وەک (دەنگدان، قەدەغەکردن، داواکردن، ... تاد).

**٣. کردەی پەیماندان** Commisives

ئەو کردانەن کە قسەکەر پەیوەست بە ئەنجامدانی کارێک دەکات، وەک کردەکانی (پەیماندان، دانپیانان، ڕێککەوتن، ...تاد)

**٤. کردەی رەوشت** Behabitive

هەمو ئەو کردانە دەگریتەوە، کە لە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا ئەنجامدەدرێن، وەکو (سەردانیکردن، سوپاسکردن، سەرەخۆشیکردن، ...تاد)

**٥. کردەکانی رونکردنەوە** Expositives

هەمو ئەو کردانە دەگریتەوە، کە بەکاردێن بۆ رونکردنەوەی بۆچونێک، یان دەرخستنی بۆچونێک، بۆ نمونە کردەکانی (سوربون، بیرهێنانەوە، ئاگادارکردنەوە، ... تاد) (بروانە جرهارد هلپش: ٢٠٠٧: ٢٧٨).

**پۆلێنی سیریل بۆ کردە قسەییەکان:**

سیریل بۆچونەکانی ئوستنی فراوانکرد، کە لە کتێبەی بەناوی (The Speech Acts)دا خستییە رو. بەهەمان شێوە کردەکانی بۆ پێنج جۆر دابەشکردوە، بەم شێوەیە:

**١. کردەی نواندن** Representative

قسەکەر لەم جۆرە کردەیەدا، بارێک دەنوێنێت و وایپیشاندەدات، کە کەشێکی ئارام یان نائارام لە ئارادایە. جا ئەم نواندنە راست بێت یان ناراست. وەکو کردەکانی (پێشبینیکردن، خستنەرو، رودان، ...تاد).

**٢. کردەی ئاراستەکردن** Directives

ئەم کردانە وا لە گوێگر دەکات، کە بە ئەنجامدانی کارێک هەڵبستن، وەکو (فەرمانپێکردن، ئامۆژگاریکردن، رێنماییپێدان، ... تاد).

**٣. کردەی پەیوەست بون** Commissive

لەم کردانەدا قسەکەر خۆی پەیوەست دەکات بە ئەنجامدانی کارێک لە داهاتودا، بۆ نمونە کردەکانی وەکو (بەڵێندان، هەرەشەکردن، سوێندخواردن، ... تاد).

**٤. کردەی هەستدەربرین** Expressive

قسەکەر هەستی خۆی دەردەبرێت بەرامبەر بە (روداوێک، کەسێک یان شتێک) بۆ گوێگر، وەکو کردەکانی (پیرۆزبایی، سەرەخۆشیکردن، سوپاسکردن، ... تاد).

**٥. کردەی راگەیاندن** Declaration

ئەم جۆرە کردانە بەوە جیادەکرێنەوە لەوانی دی، کە وابەستەی دەوروبەرن، بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم کردانە، پێویستە هۆکارەکانی وەک مزگەوت، رێکخراو، پارتی سیاسی، ... تاد هەبێت. وەکو کردەکانی (بانگەشەکردن، خۆپیشاندان، جاڕدان، ... تاد). (جرهارد هلپش: ٢٠٠٧: ٢٨٠).

**دوەم/ کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان**

لەو جۆرە رستانەدا بەرچاو دەکەوێت، کە کاری راپەڕاندنیان تێدانییە، بەڵکو هێزی رەوانبێژی گوتنەکە، یان بۆتەی رێزمانی رستەکە و بەستنەوەی بە واتای دەوروبەرەوە، جۆری کردەکە دیاریدەکات.

زۆر جار قسەکەر بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی پەنا دەباتە بەر کردەی قسەیی راستەوخۆ. لە کردەی قسەیی راستەوخۆدا قسەکەر بۆ گەیاندنی پەیامەکەی پەنا دەباتە بەر هۆکاری تری وەک (رێزمانی، نارێزمانی)، بۆ دەربڕینی هێزی رەوانبێژی گوتنەکە. قسەکەر بەهۆی رستەکەوە مەبەستێک دەردەبرێت، کە واتای رێزمانی رستەکە نییە.

لەم جۆرە رستانەدا واتای ڕێزمانی رستەکە مەبەست نییە، بەڵکو قسەکەر مەبەستی گەیاندنی پەیامێکی دیکەیە، کە لە واتای ڕێزمانی رستەکەدا نییە، بۆ نمونە:

**سێو بەسودە بۆ لەش.**

ئەگەر واتای ڕێزمانی رستەکە لێکبدرێتەوە، خۆی لە رستەیەکی (هەواڵگەیاندن یان پرسیاری)دا دەبینێتەوە، بەڵام بە بەستنەوەی واتای رستەکە بە دەوروبەرەوە، بۆ نمونە لە میوانداریيەکدا، واتای رستەکە بریتی دەبێت لە:

**حەزم لە سێوە.**

**سێوەکەم پێبدە.**

کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ لە توانایدایە تیمانبگەیەنێ، کە چۆن ئەو رستانەی هێزێکی ڕەوانبێژییان تێدایە، وەک بەشێک لە واتاکانیان دەتوانرێت، بۆ جێبەجێکردنی کردەیەک بەکاربێن، وەکو رستەی ڕاگەیاندن، بۆ کردەی (ئاگادارکردنەوە، پێشنیار، فەرماندان، ... تاد).

**بەشی سێیەم**

**شیکردنەوە و لێکدانەوەی دێرە شیعرەکانی ئەی ڕەقیب، بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان**

**سەرەتا:**

ئەم دەقە شیعرییە، ئەگەرچی هەست و سۆزی شاعیرێکە، بەرامبەر نەیارانی نەتەوەکەی، بەڵام بە تێپەڕبونی کات، بوە بە گوتارێکی سیاسی و مایەی گۆشکردنی نەوە لەدوای نەوەی گەلی کورد. بۆ هەر گوتارێک جا سیاسی بێت یان ناسیاسی، پێویستە چەند ڕەگەزێک لە ناو گوتارەکەدا دەستنیشانبکرێ، کە هەر یەک لەم ڕەگەزانە لێکدانەوەی تایبەتی بۆ دەکرێت، کە بریتین لە ڕەگەزی (شوێن- کات- ڕوداو- قسەکەر- گوێگر).

- **شوێن:** کەرکوک، شوێنی نوسینی دەقە شیعریی "ئەی رەقیب"ە

ئەم شارە بە درێژایی مێژوی سیاسی کوردەکان، خاڵی ململانێی نیوان کورد و گەلە سەردەستەکانی ناوچەکە بوە.

**کات:** **ساڵی ١٩٤٠**

دڵدار ئەم شیعرەی لە ساڵی ١٩٤٠ نوسیوە، ئەو کاتەی لە قۆناغی ناوەندی بوە. کاتێک، سەرەتا بۆ چەند هاوڕێیەکی خوێندۆتەوە، یەکێک لەوانە، هەر بە ئاواز وتویەتییەوە، کە (شێخ حوسێن بەرزنجی) بوە. ئەم شیعرە تەنها لە نێوان ئەم هاوڕێیانەی دڵداردا دەمێنێتەوە، تا ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و خوێندنی سرودەکە، وەک سرودی کۆمار. کاتێک ئەم هەواڵە بە دڵدار دەگەیەنن، کە شیعرەکەت بوە بە سرودی کۆماری کوردستان، دڵدار جگە لە گریان هیچی دیکەی بۆ ناوترێت (کازم عەبدوڵا توفیق: ٢٠١٢: ١٢).

**ڕوداو:** هەمو ئەو ڕوداوانەی بەسەر گەلەکەی دڵداردا هاتوە (واتە ڕوداوێکی دیاریکراو نەبوەتە هۆی نوسینی ئەم دەقە شیعرییە).

- **قسەکەر:** دڵدار (لەبری نەتەوەی کورد قسە دەکات).
- **گوێگر:** هەمو ئەوانەی دڵدار بە دوژمن و داگیرکەری کورد و کوردستانیيان دەزانێت.

## ئەی رەقیب

**- کەرکوک -**

ئەی رەقیب هەرماوە قەومی کورد زوبان
نای رمێنێ دانەیی تۆپی زەمان

ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوورو شۆڕشین
سیەیریکە خوێناویە ڕابوردومان

ئێمە رۆڵەی میدیاو کەیخوسرەوین
دینمان ئاینمانە نیشتمان

کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە[۱]
زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان

چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕڕەشێر
بوون بە قوربانیو هەموویان نێژران

لاوی ئێستاش حازرو ئامادەنە ...
جانفیرانە جانفیدانە جانفیدان

لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەك دلێر
سا بە خوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان

کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان .

**شیکردنەوە و لێکدانەوەی دێرە شیعرەکان:**

**دێری یەکەم**

**ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان**
**نای ڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان**

**ڕۆنانی دەرەوە:**

واتای ڕۆنانی دەرەوەی ئەم دێرەی سەرەوە، بریتییە لە ڕستەیەکی هەواڵگەیاندن.

**ڕۆنانی ناوەوە:**

ڕۆنانی ژێرەوەی چەند کردەیەکی قسەیی لەخۆ دەگرێت.

دەســـتپێکی دێرەکە، مۆرفیمی (ئەی)یە، کە بۆ بانگکردن بەکاردێت، لە ڕوی واتاشـــەوە کردەی (هەڕەشەکردن و ئاگادارکردنەوە) دەگەیەنێت.

مۆرفیمی دوەمی دێڕە شـیعرەکە (رەقیب)ە، لە زمانی کوردیدا بە واتای دوژمن، یان نەیار دێت، (بەپێی بـارودۆخی وتنەکە)، بە پێچەوانەی ئەو بۆچونەی، کە دەڵێت وشـــەکە عەرەبییە و واتـای چاودێر دەگەیەنێت. بڕوانە (جەمال نەبەز: ٢٠١٣)

ئەم دو مۆرفیمە (ئەی رەقیب)، لە روی رستەسازییەوە فرەیزێکی ناوی پێکدێنن، لە روی واتاوە گەیاندنی پەیامێکە بە دوژمن، لە هەر کاتێکدا، کە پەیام بدرێت بە دوژمن، پەیامێکی توند و هەڕەشـە ئامێزە.

مۆرفیمی سـێیەم، بریتییە لە (هەر)، مۆرفیمێکە لە روی واتای پراگماتیکی گوزارشـت لە کردەی جەختکردنەوە دەکات.

دوا مۆرفیمی نیوە دێڕی یەکەم، مۆرفیمی (زوبـان)ە، بەسـتنەوەی واتـای ئەم مۆرفیمە بە دەوروبەرەوە، ئەوە ڕون دەبێتەوە، کە زمان لە خەباتی سیاسی نەتەوەی کورددا، هۆکاری هەرە بە هێزی مانەوەیەتی*.

بەگشتی نیوەدێری یەکەم کردەی (ئاگادارکردنەوەی) تێدایە.

ئاگاداربە

ئاگاداردەکەمەوە ← دوژمن + کە قەومی کورد هەر دەمێنێت.

* لە هەندێک باردا زمانی کوردی لە "خاک" زیاتر کوردی وەک دیاردەیەکی جیاوازی کولتوری و نەتەوەیی ناسـاندوە و پاراسـتوە، ئەگەر کورد زمانەکەی لە دەسـت بدابایە، و تەنانەت وەک ئێسـتاش لەسـەر خاک و زێدی خۆی بمایەتەوە، بێ شـک لەمێژبو لە نێوان نەتەوە سـەردەسـتەکانی وەک "عەرەب و فارس و تورک" توابۆوە. چونکە گەلی کورد جگە لە زمانەکەی هیچ فاکتەرێکی بەهێزی تری نییە، تا لە نەتەوەکانی تری جیابکاتەوە. نەتەوەی کورد لە ئاییندا هاوبەشـە لەگەڵ نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورک، بەوەی زۆرینەی کورد موسـڵمانە، لە ڕەنگی پێسـت و شـێوەی دەم و چاودا هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوانیاندا نییە، لە شـێوەی جل و بەرگیشدا، بە کاریگەری جیهانگیری هەمو نەتەوەکان یەک جۆر جل و بەرگ دەپۆشـن، ئێسـتا لە جیهاندا، جل و بەرگی نەتەوایەتی زۆرتر لە بۆنە نەتەوەییەکاندا دەپۆشـرێت. بەشـی هەرە زۆ ری کولتور و فەرهەنگی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش تێکەڵ و هاوبەشە، وەک ڕونیشە تا ئێستاش کورد خاوەنی سەروەری خاکی خۆی نییە، کەواتە زمان پارێزەر و ناسـنامەی نەتەوی کوردە و لە خاک زیاتر کۆمەکی پێکردوە تا وەک نەتەوەیەک ناسـنامەکەی لە دەسـت نەدات. (بێهزادی خۆشـحاڵی: ٢٠٠٨ : ٢٤٢).

لە نیوە دێری دووەمدا فرەیزەکانی (دانەیی تۆپی زەمان) هەیە، کە ئاماژەیە، بە باشـــترین چەکی جیهان، لەو ســەردەمەدا. بەم لێکدانەوەیە، ڕوندەبێتەوە، کە دڵدار رو لە دوژمنانی دەکات و دڵنیاییان دەداتێ، کە بە باشترین چەکی سەردەمیش نەتەوەی کورد لەناوناچێت و هەر دەمێنێت.

دڵدار لەم دێرە شـــیعرییەدا، لە نیوەی یەکەمیدا ئاگاداری دوژمنانی نەتەوەکەی دەکاتەوە، کە نەتەوەی کورد، یان کورد زمانان ماون، کە ئەمە کردەی قســـەیی (ئاگادارکردنەوە)یە و هاوکات کردەی (شـــانازیکردن)یشــە، لە نیوەی دوەمیشـدا کردەی قســەیی (دڵنیایی) تێدایە، کە بۆ داهاتوش دڵنیایی دەدات، لە مانی کورد.

**دێری دوەم**

**ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سور و شۆڕشین**

**سەیریکە خوێناوییە ڕابردومان**

لەم دێرەدا کردەی بیرهێنانەوە ئاراســـتەی دوژمن دەکات. کاتی ڕێزمانی رســـتەکەش لە نیوەدێری یەکەم کاتی ئێستا و نیوەدێری دوەم کاتی ڕابردودایە. جگە لە کردەی سەرەکی رستەکە (بیرهێنانەوە)، کردەیەکی تریش وەک ئاماژەی شانازیکردن بە نەتەوەکەیەوە دەبینرێت.

**دێری سێیەم**

**ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەی خوسرەوین**

**دینمانە ئاینمانە نیشتمان**

لە نیوە دێری یەکەمدا کردەکانی (بیرهێنانەوە – ئاگادارکردنەوە)ی تێدایە. بە جۆرێک بیری دوژمنی دەهێنێتەوە، کە لە ڕابردوشـــدا هەوڵی لەم شـێوەیەتداوە، بەڵام دەبێ ئاگاداربێ و لەبیرتبێ، کە هەردەمێین. لە نیوەدێری دوەمدا مۆرفیمەکانی (دین – ئایین) و یەکســـانکردنیان بە نیشـــتمان هەیە، لە کاتی بەستنەوەی واتای ئەم نیوە دێرە بە دەوروبەرەوە، ئەم کردە قسەییانەی تێدایە:

١. کردەی هەستدەربڕین.

٢. کردەی دوپاتکردنەوە.

٣. کردەی بەستنەوە.

دڵدار لە هەر ســێ کردەکاندا، هەســتی نەتەوەی کورد بۆ دوژمنانی دوپاتدەکاتەوە، کە نەتەوەی کورد وابەســتەی نیشــتمانەکەیەتی لە پێشــی هەر شــتێکی دیکەدا، هاوکات بەســتنەوەی دیاردەی نیشتمانی بونی ئیمپراتۆریەتی میدییەکانە، کە چۆن نیشتمانی بون لەلایان پێش ئاینداربونیان بوە، با ئاینی زەردەشتییەوە (کە ئەو کات ئاینی زۆرینەی خەڵکی بوە).

لە ڕوی واتاییشەوە، مۆرفیمی (ە)، کە بە وشەی (ئاینمان)ەوە لکاوە، گوزارشت لە جەختکردنەوە دەکات. ئەگەر بێت و مۆرفیمی (هەر)ی لەگەڵدابێت، وەک لە هەندێک سەرچاوەدا ئاماژەیان پێکردوە، ئەوا جەختکردنەوەکە زیاتر دەبێت.

**دێری چوارەم**

**کەس نەڵی کورد مردوە کورد زیندوە**

**زیندوە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان**

لەم دێرەشدا کردەی قسەیی (ئاگادارکردنەوە)ی تێدایە. لە نیوە دیری یەکەمدا ئاگادارکردنەوەکە، بۆ ئێستایە، و لە نیوەدێری دوەمدا بۆ داهاتوە.

**دێڕی پێنجەم**

**چەند هەزار لاوانی کوردی نەپرەشێر**

**بوون بە قوربانی و هەموویان نێژران**

ئەم دێرە شیعرە بە هەردو نیوە دێڕەکەی، رستەیەکە، کە تەنها کردەی قسەیی (بیرهێنانەوە)ی تێدایە، کاتی رودانی کاری رستەکەس رابردوە.

**دێڕی شەشەم**

**لاوی ئێستاش حازر و ئامادەیە**

**جانفیدانە جانفیدانە جانفیدان**

کردەی قسەیی لەم دێرەدا، بریتین لە کردەکانی (ئاگادارکردنەوە و جەختکردنەوە).

نیوەدێری یەکەم کردەی ئاگادارکردنەوەی تێدایە. نیوەدێری دوەم کردەی جەختکردنەوەی تێدایە، بەشێوەیەکی بەرفراوان، وەک لەدوپاتبونەوەی وشەی (جانفیدا) دەبینرێت. بەهۆی بونی مۆرفیمی (ە) لە دوای مۆرفیمەکانی (جانفیدا)، کاتی رودانی کارەکەمان پیشاندەدات لە ئێستا و داهاتوشدا.

**دێڕی حەوتەم**

**لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەک دلێر**

**سا بە خوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان**

لەم دێرەدا، کردەی قسەیی (هەرەشەکردن)ی تێدایە، کە لە مۆرفیمەکانی (هەڵسانە سەرپێ، دلێر، خوێن) دەبینرێن. ئەم هەرەشەکردنە، لە ئێستاوە دەستپێدەکات و بۆ ئایندەش بەردەوامدەبێت.

**دێڕی هەشتەم**

**کەس نەڵی کورد مردوە کورد زیندوە**

**زیندوە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان**

لەم دێرەشدا کردەی قسەیی (ئاگادارکردنەوە)ی تێدایە. لە نیوە دیری یەکەمدا ئاگادارکردنەوەکە، بۆ ئێستایە، و لە نیوەدێری دوەمدا بۆ داهاتوە.

دوبارەکردنەوەی ئەم دێرە لە کۆتاییدا، دڵنیایی ئەوە دەدات، کە هەڵگرانی ئاڵای کوردبون و کوردزمانان هەر دەمێنن.

**ئەو کردانەی کە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقە شیعری (ئەی رەقیب)دا هاتوە، بریتین لە:**

**١. کردەی ئاگادارکردنەوە:**

پەیوەستە بە زانیاری قسەکەر. گوێگر ئاگاداردەکاتەوە و زانیاری پێدەبەخشێت و داوا لە گوێگر دەکات، بەپێی پێویستی کردەکە هەڵسوکەوت بکات.

**٢. کردەی دڵنیایی:**

لەم جۆرە کردەیەدا قسەکەر گوێگر دڵنیادەکاتەوە، کە سورە لەسەر پەیمانەکەی خۆی، و نایەوێت سازشی لەسەر بکات.

**٣. کردەی بیرهێنانەوە:**

قسەکەر هەوڵدەدات کۆمەڵێک زانیاری بە بیر گوێگر بهێنێتەوە، بە مەبەستی گلەییکردن یان شەرمەزارکردن.

**٤. کردەی هەڕەشەکردن:**

لەم جۆرە کردانەدا قسەکەر باڵادەستی خۆی بەسەر گوێگردا دەسەپێنێ و هەوڵدەدات گوێگر ملکەچی داوا و مەبەستەکەی خۆی بکات. مەرجی سەرکەوتنی ئەم کردەیە، بریتییە لە جێبەجێکردنی هەڕەشەکە.

**٥. کردەی هەستدەربڕین:**

قسەکەر هەستی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بە گوێگر.

**٦. کردەی جەختکردنەوە:**

قسەکەر جەخت لەسەر ئەو بەڵێنەی خۆی دەکاتەوە، کە بە گوێگری داوە.

**٧. کردەی پەیماندان:**

قسەکەر پەیمان بە گوێگر دەدات، کە لە ئێستا و داهاتودا، پەیوەستی پەیمانەکەی خۆی دەبێت.

**٨. کردەی بەستنەوە:**

قسەکەر هەوڵدەدات، دو روداو یان دو دیاردە بەیەکەوە ببەستێت، کە یەکێکیان نمونەی باڵایە بۆ ئەوەی دیکەیان.

ئەمانەی کە لەسەرەوە باسکران، تەواوی ئەو کردە قسەییانەن، کە لە دەقە شیعری ئەی ڕەقیبدا هاتون.





**ئەنجام**

کۆتایی ئەم توێژینەوەیە، ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێکەوتەوە:

١. ئەم گوتارە لە شێوەی دەقێکی شیعریدایە و وەک پەیام ئاراستەی دوژمنی نەتەوەیەک کراوە، سروشتی ئاراستەکردنی پەیامی بۆ دوژمنیش سروشتێکی هەرەشە ئامێزە، بۆیە پەیامەکان پەیامی توندن.

٢. لە شیکردنەوەی دەقەکەدا دەرکەوت ژمارەی کردەکانی بەم جۆرە بەکارهێناوە:

| جۆری کردەکان | چەند جارەی دوبارەبونەوەیان |
| --- | --- |
| کردەی ئاگادارکردنەوە | ٦ |
| کردەی جەختکردنەوە | ٣ |
| کردەی بیرهێنانەوە | ٣ |
| کردەی هەرەشەکردن | ٢ |
| کردەی شانازیکردن | ٢ |
| کردەی دڵنیاییکردنەوە | ١ |
| کردەی هەستدەربڕین | ١ |
| کردەی بەستنەوە | ١ |

بە سەرنجدان لە ژمارەی کردەکان، دەردەکەویت، کە زۆرترین مەبەستی نێرەر، بۆ ئاگادارکردنەوەی وەرگرە، لەوەی کە بەپێی پێویست هەڵسوکەوت بکات.

٣. کردە قسەییەکانی دەقە شیعری "ئەی رەقیب"، لە کات و شوێن و دەقی تردا دوبارە بونەتەوە، بەڵام کاریگەری ئەویان نەبوە، بەهۆی ئەوەی هیچ دەقێکی تر ئەوەندەی "ئەی رەقیب"، نەبوە بە پەیامی نەتەوەیی کورد.

٤. ئەم دەقە شیعرییە هیچ جۆرە بێ باوەڕی و بە کەم سەیرکردنێکی ئاینی تێدانییە، بە بەڵگەی ئەوەی لەم دێرەدا کە باسی ئاین دەکات، کردەی قسەیی (بەستنەوە) هەیە، کە ئاماژەیە بە بەستنەوەی دۆخی ئیستای نەتەوەی کورد بە سەردەمێکی مێژوییەوە (ئیمپراتۆرییەتی میدییەکان)، و ئاینەکەیان، کە لەنێویدا نیشتمان و خاک پیرۆزترە لە هەر شتیکی دیکە.

## لیستی سەرچاوەکان


١.  بێهزادی خۆشحاڵی، فیلۆلۆجیای زوانی کوردی و مێژوی کوردستان، ٢٠٠٨ ، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٢.  جرهارد هلبش،(٢٠٠٧)، تطور علم اللغه منذ عام ١٩٧٠، ترجمه ا. د. سـعيد حسـن بحيری، الطبعه الاولی، مکتبه زهراء الشرق، قاهره.

٣.  حسـين خمری، (٢٠٠٧)، نظريه النص من البنيه المعنی الی سـيميائيه الدال، الطبعه الاولی، مطبعه الدار العربيه للعلوم ناشرون، الجزائر.

٤.  ديار عەلی کەمال، (٢٠٠٩)، گوتاری سـياسـی کوردی لە روانگەی پێشـگريمانەکانەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدين، هەولێر.

٥.  شێرکۆ حەمەئەمين قادر، (٢٠٠٩)، شيکارێکی گوتاريی چيرۆکەهەواڵ، کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٦.  عەبدولخالق عەلائەدين، (١٩٨٥)، دڵدار شـعيری شـۆڕشـگێڕی کورد، چاپخانەی (دار آفاق عربيه للصـحافه و النشر)، بەغداد.

٧.  قەيس کاکل تۆفيق، (١٩٩٥)، جۆرەکانی رسـتە و تيۆری کردە قسـەييەکان،نامەی ماسـتەر، زامکۆی سەلاحەدين، هەولير.

٨.  کازم عەبدوڵا تۆفيق، (٢٠١٢)، ئازاری فام و ژانی بێ ژوان، چاپی دوەم، چاپخانەی ماردين، هەولێر.

٩. محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١١)، زمانەوانی، ئەکاديمايی کوردی، هەولير.

١٠.  محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵينەوە زمانەوانييەکان، ٢٠١٠ ، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر

١١.  محمود عوکاشه، (٢٠٠٥)، لغه الخطاب السياسی، دراسه لغويه تطبيقيه فی ضوء نظريه الاتصال، الطبعه الاولی، مطبعه الدار النشر للجامعات، قاهره.

12. David Crystal, (2003) A Dictionary of Linguistics & Phonetics, Blackwell,

13. Stephen C. Levinson, (1997) Pragmatics, Cambridge.

١٤. جەمال نەبەز، (٢٠١٣)، شيکردنەوەی زاراوەی (رەقيب).

## ملخص البحث


هذا البحث الموسوم ب(التحليل التطبيقي لقصيدة (ئەی رەقیب) في ضوء نظرية الفعل الكلامي ) ، دراسة تطبيقية ، ومحاولة لتحليل النص الشعري والنشيد الوطني (ئەی رەقیب) ، وذلك بحسب الفعل الكلامي ، وقد قام البحث على أساس البنية الفعلية للكلام وفعل توجيه الرسالة ، وحاول بيان تأثير المثير لدى المرسِل والمرسَل إليه .

يتكون البحث من مقدمة وثلاثة فصول وعلى النحو الآتي :

– في الفصل الأول تطرق البحث إلى علم التطبيق وأهميته في تحليل النصوص ،وفي فقرة من فقرات الفصل تناول بيان المصطلح وأهمية الخطاب وعناصر الخطاب ، مع مقارنة بين النص والخطاب.

– وخصص الفصل الثاني لدراسة نظرية الفعل الكلامي ، ودورها في تفسير الرسائل المؤطرة بالخطاب وتحليلها ،، وكذلك بيان نوعية الفعل الكلامي بحسب تصنيفي أوستن وسيريل .

– وفي الفصل الثالث حاولنا تسليط الضوء على الأفعال الكلامية في النصوص والأبيات الشعرية (ئەی رەقیب) كخطاب قومي بالنقد والتحليل ، وفي هذا القسم حاولنا تحديد معظم الافعال الكلامية في أبيات النص الشعري ، واتجاه الأفعال وتأثير الخطاب وتوضيحه. و في الآخير تم استعراض آهم النتائج التي تمخض عنها الدراسة.


## Abstract


"A Pragmatics Analysis of the poetic text (Ay Reqib - ئەی ڕەقیب) according to the Speech Act theory" is the title of a pragmatics research, and an attempt to analyze the poetic text and script of the national anthem (Ay Reqib - ئەی ڕەقیب) in the light of the Speech Act theory. The study relies on the two bases of the act of speaking and the act of directing the message, and it attempts to show the effect and the interacting influence of the message on the sender and receiver.

The research comprises an introduction and three sections as follows:

• In the first section, the principle of pragmatics and its significance in text analysis is demonstrated. Regarding other aspects, discourse terminology and discourse significance are also addressed and discourse categories are identified as well as the comparison between text and discourse.

• The second section is devoted to discuss the Speech Act theories and their roles in interpreting and analyzing the messages which fall under the framework of discourse analysis. The type of Speech Acts, based on Austin and Searle classification, is also presented in the section.

• The third section is devoted to work on analyzing those speech acts which are found between the lines of the poetic text (Ay Reqib - ئەی ڕەقیب). As a nationalistic discourse, it is put under the light of a critical, precise analysis. In this section, it is also attempted to identify all the speech acts found in between the lines of the poem and to explain the speech direction and the influence of the message.

Finally the conclusions are put forth.